☎: (61 )2 97 263 095
🖷: (61) 2 97 263 095
Mob (61) 041 1164 670
kurdnewspaper@optusnet.com.au
kurdnewspaper@hotmail.com
www.furatnews.com/kurd

The KURD
کـورد
The Kurdish Nation Voice
دەنگی نەتەوەی کـورد
خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر : حسێن خۆشناو
Price $1.50

KURD NEWSPAPER

Po Box: 727
Fairfield 2165
N.S.W
Australia

ڕۆژنامەیەكی سیاسی ـ ڕوناكبیری ـ نەتەوەیی ئازادە ـ دوو هەفتە جارێك لە ئوستراليا دەردەچێت

# بانگەواز

## مژدە ...... ڕۆژنامەی كورد جارێكی تر دەست بەچاپكردنی دەكرێتەوە

## بۆ گشت نووسەر و ڕۆشنبیرانی كورد لە كوردستان و هەندەران

### سڵاوتان لێ بێت بەرێزان...

ڕۆژنامەی "كـــورد" كە لە ئوستراليا دەردەچێت دووا ژمارەی ژمارە (26) لە مارت 2002 بەچاپ گەیشت دووابەدوای ئەم ژمارە لە بەر خرا پی باری مادی بەداخەوە لە چا پكردن پەكی كەوت و ڕاوەستا .

دوای ساڵێك خەبات و كار كردن بەخۆشحاڵییەوە پێتان ڕادەگەیێنین ، كە جارێكی تر توانیمان ڕۆژنامەی " كورد " لە ئوستراليا بخەینەوە كارو بڕيار وایە لە هەفتەی داهاتوودا لە ژمارە (27) وە و بە شێوەیەكی مۆدرین وتازەوە و بەقەواری لا پەڕی گەورە ( 400 مم + 560 مم ) و بەشێوەی دوو هەفتە جارێك دەست بە چاپ كردنەوەی بكرێت ،

بەرێزان ...

گومانی تیا نیە كە هەر هەموومان دەزانین ڕاگەیاندنی كوردی لە دەرەوەی وڵات چ گرنگیەكی گەورەو كاریگەری هەیە , بە تایبەتی لەم بارو زروفەی ئیستادا كە میللەتەكەمان تووشی هێرشێكی نامەردانەی چەند لایەنە بووە و چۆن دەیانەوێ ناوەڕۆكی ڕەوای خەباتی گەلەكەمان بشێوێنن و بوختانی بۆ هەڵبەستن و گیروگرفتی بۆ دروست بكەن وهەوڵی لەناوبردنی دەسكەوتەكانی بدەن .

لە تێگەیشتنی ئەم ڕاستیانەوە و بۆ ئەوەی لەدەرەوەی وڵاتیش خزمەتی میللەتەكەمان بكەین پێویستە هەر هەموومان هێز و تواناكانمان بخەینە كار و نەهێلین پیلان و خەونە گڵاوەكانی دووژمنانی نەتەوەی كورد بێنە دی .

بۆیەش داواتان لێ دەكەین كە "كورد" بكەنە زمان حاڵی خۆتان و بە بابەت و پێشنیار و نووسینەكانتان پاڵپشتی بكەن و لە بەرهەمە بەنرخەكانتان بێ بەشی نەكەن ، چونكە " كورد" هەڵگری ناوی هەر هەمووانە و بۆ خزمەتكردنی ئێوەی بەرێز دەردەچێت .
نۆبەری ڕۆژنامەگری كوردی لە ئوستراليا ( كورد ) بڵند گۆی دەنگی میللەتی كوردە و سەكۆیەكی ئازادە بۆ هەڵبڕین دەنگی هەموو كوردێك ،

دووبارە سوپاستان دەكەین و هیوادارین كە پشتیوانیمان بكەن و زانیاری ونووسینەكانتان لە سەر ڕوو پەرەكانی ئەم ڕۆژنامەی بە هاوزمانەكانتان ڕابگەیێنن و ئێمەش دڵنیاین لەوەی بە هاوكاری و پاڵپشتی ئێوەی بەرێز و دڵسۆز كارەكانمان ڕێك و پێك تر دەبن , وئومێدیش دەخوازین كە ڕۆژنامەی " كورد " جێی ڕەزامەندی ئێوەی خۆشەویست و ئازیز بێت .

"كورد" 2004\7\27



www.kurdistannet.org